# KURDSTAN NATIONAL CONGRESS - KNC
## kongra Nîstmanîya Kurdistan
## کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

KNC Aims at INDEPENDENCE FOR KURDISTAN in diplomatic ways. KNC is an umbrella organisation for all the Kurdish Nation, hosting individuals, organisation and parties. KNC Founded 14 April 1985..

### بانگەوازی پێکهێنانی بەرەی نەتەوەیی و، دارشتنی پلاتفۆرمێکی سیاسی هاوبەش،
### لەپێناوی زەوینە خۆشکردن بۆ سازکرنی یەکێتیی نەتەوەیی و،
### راگەیاندنی حکوومەتی سەربەخۆ لە رۆژهەلاتی کوردستان!

بۆ هەموو حیزب و رێکخراوەی رامیاری و ناڕامیاریی کورد و کوردستانیی

بۆ هەموو کەسایەتیی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و ئاینی لە کوردستان!

لەگەڵ سلاوی ئازادی و سەرخۆبوون.

هەروەک ئاگادارن، کۆنگرەی پێنجەمی – کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، رۆژی ٣٠ / ٧ / ٢٠٠٥ لە شاری لەندەن، بەبەشداریی سەتان کەس لەکەسایەتیی کورد و بیانی و نوێنەرانی زۆربەی لایەنەکانی سیاسیی کورد و کوردستانی بەڕێوەچوو و، تیایدا بارودۆخی هەنووکەی جیهان و رۆژهەلاتی ناڤین بە گشتی و، کوردستان بە تایبەتیی شرۆڤە و لێکۆڵین کرالەسەریان. بۆ پێشوەچوونی پتری خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان، بۆچوون و پێشنیازی شیاو و گونجاو ئاراستەکران و، کۆنگرە دەنگی دا لەسەریان – لەوانە:

* – کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەلات، دابمەزرێ بە مەبەستی هاوکاریکردن و یەککستنی ریزەکانی گەلی کورد و پەرەپێدانی بیروباوەڕی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ سازکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و پێکهێنانی بەرەیەکی راستینەی کوردستانیی لە رۆژهەلات. بۆ ئەوەی لەدەرەوەی ولات و لای ئۆرگانەکانی نێونەتەوەیی، نەک وەک لایەن و حیزبێکی تایبەت، بەڵکو زمانڕەوشی ویست و ئامانج و داخوازییەرەواکانی نەتەوەی کورد بێت و، بەنێوی تێکڕای نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە، قسە بکات، لە ئالی نێوخۆشەوە و لە کوردستان، سەرپەرشتیی هەموو لایەنەکانی جڤاکی و کۆمەلایەتیی و پێشمەرگە و ... بکاتن.

لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی ئەوتۆ پیرۆز و نەتەوەیی و مێژووییدایە کە بەرنامە و پێڕەوپرۆگرامێک لەلایەن کۆمیتەی سەرکردەیەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە ئامادەکراوە و، بۆ ئاگاداری و زانینی سەرنج و بیروڕای ئێوەی بەڕێز و نیشتمانپەروەر، لەگەڵ ئەم نامەسەرئاواڵەیەدا دەینێرینە خزمەتتان، تا پاش خوێندنەوەی، لەبۆچوونی خۆتان لەمەڕ ئەم بەرنامەیە و بیری دامەزرانی بەرەیەکی راستینەی نەتەوەیی، بە نووسراوە، ئاگادارمان بکەنەوە.

هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازین.

بژی کورد، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!

کۆمیتەی سەرکردەیەتیی

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – رۆژهەلات

٢٠/ ١١/ ٢٠٠٥

KNC
Postbox: 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway
Telefax: 0047 - 22 75 30 95
Mobile: 0047 - 93 83 99 53

www.knc.org.uk
post@kncscandinavia.com
www.kncscandinavia.com
www.rojavatv.org.uk